ئەفسانەیەكی ئیرلەندی

# دڕكی ئەفسووناوی


نووسینی : سنیاد دی ڤالیرا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :

شێرزاد حەسەن


ڕۆژێك لە ڕۆژان . . لە كەنار دەریاچەكەی (كلێن)دا بێوەژنێكی دەوڵەمەند دەژیا . . ئەو بێوەژنە ناوی «ئینا» بوو . ئیناش تاقە كچێكی هەبوو بە ناوی «ئێسلنگ» . لە دووری دوو میلیش لە ماڵی ئەو بێوەژنەوە قەڵایەك قوت ببۆوە . سەیرە . . لەنێو ئەو قەڵایەشدا بێوەژنێك و كچەكەی دەژیان . دایكە ناوی «ئالنا»و كچەش ناوی «كلیۆنا» بوو .

«ئێسلنگ» و «كلیۆنا» بەیەكەوە گەورە بوون و وەك دوو دەستەخوشك یەكدیان خۆش دەویست . بەهەرحاڵ . . «ئالنا» بەچاوێكی پڕ لە بەخالەتەوە لە جیاوازی نێوان هەردوو كچەكە ورد دەبۆوە . ئێسلنگ –ی شۆخ كچێكی بەسۆزو نەرم و نیان و . . ڕۆحپەری و میهرەبان بوو . هەروەها لە جیهانی مۆسیقاشدا بەهرەیەكی بێ هاوتای هەبوو . . مەزن و مناڵ خۆشیان دەویست . كەچی – كلیۆنا –ی دەستەخوشكی تابڵێی ئێسك گران و ساویلكەو ناشیرین بوو . . بێ دۆست و یاوەر . . كەسێك لێی نزیك نەدەبۆوە .

لە نێوەندی نێوان ماڵی هەردوو بێوەژنەكەدا قەڵایەكی گەڵێ گەورە قوت ببۆوە . پیرەمێردێكی سەیرو سەمەرە كە ناوی «كیان» بوو . . تیایدا دەژیا . هەندێ جار بۆ ماوەی چەندەها مانگ كەسێكی نەدەدواند و نەشیدەهێشت كەس لەو قەڵایەی نزیك بێتەوە . كەچی دوای ماوەیەك ملی دەناو دوور دەڕۆیشت تا دەگەیشتە گوندەكانی ئەو دەوروبەرە ، داوای لە گەنج و كوڕەلاوی ئەو ناوە دەكرد ڕەگەڵی بكەون و بینە میوانی . . ئەوسا لەگەڵیانا دەكەوتە سەر هەواو بەزمی خۆی . . . سەماو گۆرانی چڕین . . هەموو بەیەكەوە كاتێكی زۆر خۆشیان بەسەر دەبرد . هەمیشە بەشداری بەزم و ڕەزمیانی دەكرد . پیرەمێردێكی وەك ئەو كە تەواو دەنگی كەوتبوو . . كەچی هەر بەو دەنگە كزەی خۆیەوە بە خنەخن گۆرانی دەچڕی . هەمیشە لەگەڵ پیاوی گورنەتەڵەدا سەمای دەكرد . . ئەگەرچی خۆی باڵای لە شەش پێ زیاتر بوو . . زۆرجاریش دەبوایە یارمەتی بدەن تا لەسەر پێی خۆی بوەستێ . گەلێ جاریش خۆی وەك پاڵەوانێك دەردەخست . .

هەڵدەبەزییەوەو بەچواردەوری خۆیدا خولی دەخوارد .. بەر هەموو شتێك دەكەوت‌و بەر سەماكەران نەبێ .

گەنجەكان خۆشیان‌دەویست ، بەڵام كە ڕەفتارو هەڵس‌و كەوتی عەنتیكەی مامەپیرەیان دەدی خۆیان پێ ڕانەدەگیراو دەیاندایە قاقای پێكەنین . هەر لەو قەڵایەدا پیرەمێردێكی دیكە كە ناوی «ئیۆن» بوو لەگەڵیا دەژیاو خزمەتی دەكرد . ئەم پیرەمێردەش هەر لە منداڵی‌یەوە پیرە – كیان –ی دەناسی‌و هەمیشە بەیەكەوە بوون . ئاغاو خزمەتكار بێ‌پایان یەكدیان خۆش دەویست . بەڵام دوای ماوەیەك لەیەكدی جیا بوونەوەو هەر یەكەی بەتەنیاباڵی دەیگوزەراند . . دوای ئەو لێك‌دابڕانە «كیان» بانگی «ئیۆن»ی كرد كە بێتەلای :–

«من حەز دەكەم ئاهەنگێكی زۆر خۆش سازدەم‌و كۆمەڵێ كەس بانگ بكەم .»

«ئیۆن» هاتە وەڵام‌و پێی‌وت :–

«ئۆە . . زۆر چاكە . . – ئیسلنگ – دەتوانێ تار بژەنێ‌و دڵی هەمووانیش خۆش بكا !»

«ڕاستە . . بەڵام من حەز ناكەم داوای شتی وای لێ‌بكەم‌و بەدرێژایی ئاهەنگەكە بە تارژەنین ماندووی بكەم .»

«گەورەم . . تۆ خۆت بەم مەسەلەیەوە سەغڵەت مەكە . من دەتوانم تارژەنێكی تر پەیدا بكەم .»

«ئۆە . . – ئیۆن – تۆ بلیمەتی . . بەڵام لە كوێ . . كەی پەیدای ئەكەی ؟»

«هەر ئیمڕۆ بە بەردەمی ماڵێكدا تیپەڕیم . . ئاوازو مۆسیقایەكی زۆر خۆش هاتە بەرگوێم . . لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەو ماڵەدا ئاشنایەتیم هەبوو لێیان چوومە ژوورێ . لەنێو ئەو خێزانەدا كوڕێكی گەنجم بینی كە زۆر دڵگیرانە تاری دەژەنی . باوكەو دایكەو مناڵەكانیان بەتاسووقەوە گوێیان بۆ شل كردبوو . مۆسیقاكە ئەوەندە خۆش‌و دڵگیر بوو حەزم دەكرد پتر گوێی لێ‌بگرم . پاشان كە لەو ماڵە هاتمە دەرێ ، خاوەن ماڵەكە تا بەر دەرگاكە بەڕێی كردم . . منیش لێم پرسی :–

«ئەرێ ئەم تارژەنە كێ‌یە ؟»

ئەمیش پێی‌وتم :–

«ئۆە . . – لەڕاستیدا سەرگوزشتەی ئەم تارژەنە زۆر خەماوی‌یە . ئەم گەنجە دەبووایە زۆر دەوڵەمەندو ئاسوودە بووایە . . چونكە باوك‌و دایكی ئەم تارژەنە تا بڵێی دەوڵەمەند بوون . . بەڵام ئەوە بوو كە هەردووكیان تا بڵێی بێ‌باك‌و دەست‌بڵاو بوون . ئەمێستاش هیچیان نەماون‌و ئەم كوڕە هەژارە شیان جگە لە تار ژەنین هیچ كارێكی دیكە شك نابا . . وەك دەبینی لەم ڕێگەیەوە نانی خۆی پەیدا دەكا .»

«كیان» هەستایەوەو وتی :–

«ئیۆن . . هەر ئێستا ئەسپ‌و عارەبانەكە ئامادەكەو بڕۆ ئەو ماڵە . . تا تارژەنەكە نەهێنیتەوە : نەیەیتەوە .»

هەر ئەوەندەی بڵێی یەك‌ودوو پیرە –ئیۆن – لەگەڵ تارژەنەكە هاتەوە .

«كیان» ڕووی تی‌كرد :

«یاخوا بەخێر بێت !»

پاشان لێی‌پرسی : «تكایە . . ناوی بەڕێزتان چی‌یە ؟»

من ناوم – كۆنلا – یە»

«كیان» ڕووی‌كردە «ئیۆن» و پێی‌وت :

«ئیۆن . . ئێستا پێش هەموو شتێك دەمەوێ ژەمێكی پوخت دەرخواردی – كۆنلا – بدەی . پاشان كە ماندووی حەسایەوە لەگەڵ خۆتدا بیهێنەرەوە .»

پاش تۆزێك – ئیۆن – لەگەڵ – كۆنلا –دا گەڕانەوە ئەو ژوورەی – كیان – تیایدا چاوەڕێی دەكردن .

پیرەمێرد بەسۆزێكەوە سەیری تارژەنەكەی كردو پێی‌وت :–

ئەمێستا بفەرموو . حەز دەکەم گوێ بۆ مۆسیقاکەت شل بکەم .»
«کیان» بەوپەڕی خۆشی‌یەوە ، بەهەموو دڵێکەوە گوێی بۆ ئەو ئاوازە شل کرد . پاشان هەستایە سەرپێ‌و توند دەستی – کۆنلا –ی گرت‌و پێی‌وت :
«ئۆە . . تکات لێ‌دەکەم لەگەڵما بەو وا تێ‌بگە لە ماڵی خۆتیت . . مۆسیقاکەی تۆ دەبێ بە سەرچاوەی خۆشی‌یەکی هەمیشەیی من .»
کەچی – کۆنلا – وا وەڵامی دایەوە :
«بەڵام مۆسیقاکەی من لەم جۆرە ماڵەدا دەبێ بە گەڕانەوەیەکی هیچو کەم بۆ جیهانی پڕ لە نازو نیعمەت !»
«نا . . لای من زۆر گەورەیە . . دەکەویتە ناو نازو نیعمەت . . مۆسیقاکەت خۆشی دەخاتە دڵمەوەو ژیانم ڕۆشن دەکاتەوە .»
هەردووکیان کەوتنە خۆیان‌و بەم ڕێکەوتە خۆشحاڵ بوون ، «کیان» بەوە شاد بوو کە ماڵەکەی بە مۆسیقاو ئاوازی خۆش دەنگی دەدایەوە ، «کۆنلا»ش بەوە شاد بوو کە لە ماڵێکی خۆشتردا کەوتبووە نازو نیعمەتێکەوە .
داوەتیان بە هەموو لایەکدا نارد . . خەڵکێکی زۆر بانگ کران . ژوورو سالۆنەکانیان بۆ ئەو ئاهەنگە ڕازاندەوەو هەموو شتێك جوانی‌و مەزنی لێ‌دەتکا . پیرە «کیان» لەخۆشیانا باڵی لێ ڕوا بوو . . فڕی بوو . گەنجان خۆشیان دەویست . . بەڵام دیمەنی پیرە «کیان» ئەوەندە سەیرو سەمەرە بوو . . بەرادەیەك ئەو گەنجانە خۆیان پێ‌ڕانەدەگیراو پێ‌دەکەنین . ڕۆبە ڕەنگاو ڕەنگەکەی سەرشانی لەبەر پێی دەخشا . تاجە گوڵینەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی لەسەر نابوو ، لەهەمووی سەیرتر . . پارچە شریتێکی سوورو پانی بە ڕیشە بۆرو درێژەکەیەوە شۆڕکردبۆوە .
پاشان ڕووی کردە خەڵکەکەو پێی‌وتن :
«هاوڕێکانم . . ئێستا بەرلەوەی دەست بە سەما بکەین . . حەز دەکەم قسەتان لەگەڵدا بکەم .»

چووە لای – ئێسلنگ –و دەستی گرت‌و ڕووی لە خەڵکەکە کرد :–
«ئەوەتانێ . . ئەو تارژەنەی بە خۆشترین مۆسیقا سەرسامتان دەکا .»
خەڵکەکە تێکڕا چەپڵەیەکی گەرمیان بۆ لێ‌دا .
پاشان «کیان» دەستی – کۆنلا –ی گرت‌و هێنایە پێشەوەو دووبارە ڕووی کردە خەڵکەکە :–
«ئەمەش تارژەنێکی دیکەیەو لەگەڵ – ئێسلنگ –دا واتان لێ‌دەکەن بە خۆشی‌یەوە بکەونە سەماو هەڵپەرکێ‌و ڕەنگە پێتان بەر زەوی نەکەوێ . حەزیش دەکەم پێتان ڕابگەیەنم کە «کۆنلا» لە جێی کوڕمەو دەشێ بە میراتگری هەموو ماڵ‌و سامانەکەم .»
بۆ ساتەوەختێ خەڵکەکە بێ‌دەنگ بوون . پاشان بوو بە هەراو زاقو زریق خۆشبەختی‌و پیرۆزبایی لێ‌کردن . خرۆشی مۆسیقا بەرز بۆوە . چەندەها مۆسیقاژەنی تر لەوێ بوون . لە سەمایەك نەدەبوونەوەو سەمایەکی تر دەستی پێ‌دەکرد . «کۆنلا» تازە لەگەڵ «ئێسلنگ»دا لە سەمایەك ببوونەوە کە دیسانەوە پێی‌وت :–
«خۆت هەڵگرە بۆ سەمایەکی‌تر !»
«ئۆە . . نەخێر . . تکا دەکەم داوا لە – کلیۆنا –ی دەستەخوشکم بکە با سەمات لەگەڵدا بکا . هێشتا کەسێك داوای سەمای لێ نەکردووە .»
«زۆر چاکە . . بەڵام بۆ سەمای ئایندە خۆت هەڵگرە !»
«باشە»
تێکرای خەڵکەکە کاتێکی خۆشیان بەسەربردو پڕ بەدڵیش سوپاسی خانەخوێ دڵسۆزەکەیان کرد . بەهەرحاڵ . . تەنها یەك کەس لەو بەزم‌و شادی‌یە بەشداری نەکرد . ئەو کەسەش «کلیۆنا» بوو . کە گەیشتەوە ماڵێ ، دایکی سەیرێکی کردو یەکسەر بەدەم‌وچاوی‌یەوە دیار بوو کە کچەکەی تووڕەو وەڕس‌و بێزارە .

پاشان دایکە لێی پرسی :
«ئەرێ ئاهەنگەکەت بەدڵ بوو . . خۆشت رابوارد ؟»
«ئەوەی راستی بێ . . نەخێر دایە . «ئێسلنگ» لە هەموو خۆشی‌و زەوقێك بێبەری کردم . هەمووان بەعەزرەت بوون لەگەڵ ئەو تارژەنە سەما بکەن . : بەڵام — ئێسلنگ — خان تا سەر بۆ خۆی داگیری کرد .»
«ئەو تارژەنە کێیە ؟»
«تابڵێی گەنجێکی قۆزەو مۆسیقاژەنێکی بلیمەتە . — کیان — زۆر گرنگی پێدا . . بەرادەیەك کردی بە میراتگری هەموو ماڵ‌و سامانەکەی .»
وتت ئەو تارژەنە بەتایبەتی دەورو خولی «ئێسلنگ» دەداو لێی نزیك دەکەوتەوە ؟»
«بەڵێ . . مەگەر منی بەحاڵ دیبێ‌و نیگای کردبم .»
«لەوە دەچێ ئەم کچە بۆ هەمیشە نەهێڵێ تۆ خێرو خۆشی لە خۆت ببینی .»
«بەڵێ دایکە . . لەراستیدا گەر ئەو نەبووایە خەڵکەکە پتر بەلای مندا دەهات‌و لێم نزیك دەبوونەوە .»
«چاکە . . پێویستە بەئارام بین‌و وای بنوێنین کە زۆرمان خۆش دەوێ‌و لامان ئازیزە . تۆ چاك دەزانیت کە — کیان— زۆری خۆش دەوێ‌و نابێ شتێکی وا بکەین ئەو دڵگران بێت .»
«کیان» بە سەرکەوتنی ئاهەنگەکەی گەلێ شاد بوو . . لەخۆشیانا بڕیاری‌دا چەند ئاهەنگ‌و بەزمێکی تر بگێڕێ . پیلانی ئایندەی ئەوە بوو کە پێش‌برکێیەکی مەلە ساز بکەن . ئەگەرچی رۆژێکی ساردیش بوو . . بەڵام کورگەل‌و گەنجان سوور بوون لەسەر بەزم‌و رەزمی خۆیان ، هەڵبەتە «کیان»یش بڕیاری‌دا کە لەو پێش‌برکێیەدا بەشداری بکا .
کەچی — ئێون— رووی تێکردو پێی‌وت :—
«بەڵام ئاغای خۆشەویستم رۆژەکەی گەلێ ساردە .»
«کیان»یش وا وەڵامی دایەوە :—
«سارد بێ‌و سارد نەبێ . . من مەلەی خۆم هەر دەکەم .»

ئەوەندەی پێنەچوو خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەو کەوتە هاوارهاوار . «ئێون»ی خزمەتکار لەسەر رۆخانەکەوە سەیری دەکرد . کە گوێی لە هاواری ئاغاکەی بوو خۆی هەڵدایە ناو دەریاچەکە . ئەمجارەیان دەبووایە هەردووکیان لە خنکان رزگار بکرێن . کە هێنایانیانە دەرێ شەکەت‌و نیوەمردوو بوون . . بەحاڵ ئاگایان لە خۆیان بوو . هەرچەندە خەڵکەکە فریایان کەوتن‌و بەدەوریاندا دەهاتن‌و دەچوون . . بەڵام خەراپیان لێ بەسەرهاتبوو . «ئێون» سوور بوو لەسەر ئەوەی پێخەفەکەی لەتەنیشت پێخەفی ئاغاکەی رابخرێ . سەعات بە سەعات . . تا دەهات لاوازتر دەبوون‌و تا لە بەرە بەیانیەکی خۆشی بەهاردا «کیان» گیانی سپارد . دوای چەند سەعاتێك . . «ئێون»یش سەری نایەوەو هەروەك بڵێی چیتر نەتوانێ لە دوای مەرگی خانەخوێ خۆشەویست بژی . «کۆنلا» ش بەمەرگی «کیان» گەلی دڵگیر بوو . . چونکە خۆشی دەویست‌و ئەو پەری بەزەیی بەرامبەر دەنواند . هەروەها — ئێسلنگ — یش هەستی دەکرد دڵسۆزترین هاوڕێی لە کیس چووە . . چونکە لە منداڵیەوە ناسیبووی . . خۆشی دەویست .
بۆ ماوەیەکی درێژ دەرودراوسێی ئەو ناوە هەستیان دەکرد جێگەی «کیان» هەر چۆل دیارەو کەس پڕی ناکاتەوە .
دوای ماوەیەکی‌تر چەشنە هەواڵێکی جیاواز بەنێو خەڵکەکەدا بڵاو بۆوە . هەواڵی زۆر خۆش . گوایە «کۆنلا» و «ئێسلنگ» خەریکە بین بە هاوڕێ‌و هاوسەری یەکدی . هەموو دڵێك لە خۆشیانا داخورپا . . تەنها دڵی «ئالنا» و «کلیۆنا» نەبێ .
ئەوەتانێ «کلیۆنا» دەڵێ :
«ئەم کچە هەمیشە بۆتە بەربەستێك‌و ناهێڵێ بگەم بە خێرو خۆشی . . بەدرێژایی ژیانم نەیهێشتووە ئاسوودە بم .»
دایکیشی وا وەڵامی دایەوە :
«لەراستیدا وایە . . رۆڵەکەم . . ئەگەر ئەم کچە نەبووایە «کۆنلا» تۆی مارە دەکرد .» «دایکە . . ئەگەر ئەم کچە لێرە دوور بخەینەوە . . من دڵنیام کە «کۆنلا»ش ئەمی بیر

دەچێتەوە.. بەڵام جنۆکەش ناتوانێ ئەم کچە لێرە دوور بخاتەوە.»

«بەڕاست.. ناوی جنۆکەت هێنا» (ئاڵنا) پێی وت:
«ڕات چی‌یە بەرامبەر جادووگەری نێو ئەشکەوتەکە؟»

«ئۆە دایکە! تۆ بلیمەتی، ڕەنگە ئەو جادووگەرە بتوانێ یارمەتیمان بدا.»

«چاکە «کلیۆنا».. چاکتر وایە هەر ئێستا بچینە لای.. چونکە زەماوەندەکە زوو ساز دەکرێ.»

«بەڵام ماڵی ئەو جادووگەرە لە کوێیە؟»

«لەنێو ئەشکەوتێکدایە کە کەوتۆتە دامێنی ئەودیوی چیاکە. دەبێ بەسەریا هەڵگەڕێین تا دەگەینە لوتکەو لەوێوە بەشانی چیاکە دادەبەزینە خوارێ تا دەگەینە ئەو ئەشکەوتە. لەو باوەڕەدام جادووگەرەکە تەنها لە نیوەشەودا ببینرێ.»

«دایکە.. کەواتە با زوو دەربچین‌و پەلەی لێبکەین.»

بۆ ئەو شەوە دایک‌و کچی عفریت‌و نەگریس کەوتنەڕێ. دەبوایە بەسەر چیاکەدا هەڵبگەڕێن‌و بە ڕێچکەیەکی تەنگەبەرو درێژدا هەنگاو بنێن.. ڕێگەکەش بەسەر دەریایەکدا دەیڕوانی. پاشان بە ڕێگەیەکی تری پێچاوپێچدا غل بوونەوە تا گەیشتنە بەردەمی ئەشکەوتەکە. دەنگی دایک‌و کچەکەی گەیشتە بەر گوێی جادووگەرەکە. ئەویش بە خشەخش خۆی گەیاندە بەردەمی ئەشکەوتەکە. مۆمێکی بەدەستەوەبوو کە بەحاڵ تیشکێکی کزی بەنێو ئەو تاریکی‌یە چڕەدا پەخش دەکرد. تابلێی پیرەژنێکی شەڕانی‌و ناشیرین بوو! لووت‌و چەناگەی گەیشتبوونەوە یەک‌و هەردوو چاویشی وەک دوو تۆپی چکۆلانەی ئاگر گڕیان لێ دەباری.

پاشان پرسی:—

«ئەوە کێیە لەبەر دەرگا؟»

ئاڵنا» وتی:

«خۆمانین.. دۆستین.»

جادووگەرەکەش بە مرەیەکەوە وتی:

«ئێی.. دۆستن‌و بۆ شتێک هاتوون.»

«بەڵێ. ئێمە چاوەڕێی یارمەتی تۆین.»

«یارمەتی من بەخۆڕایی نی‌یەو نرخم دەوێ.»

«بەڵێ. ئێمەش لەو ڕاستی‌یە حاڵین. ئاخۆ دەتوانین بێینە ژوورەوەو تۆزێ بسرەوین؟ ئەم سەفەرە دوورودرێژەو ئەم چیا سەختە پرزەی لەبەر بڕیوین.»

«نەخێر. ناتوانن بێنە ژوورەوە. تا ئێستا نەمهێشتووە هیچ کەسێک بێتە نێو ماڵەکەم. ئەمێستا پێم بڵێن چیتان لێم دەوێ؟»

«ئەم کچەی من زۆر پەرۆشە شوو بە کابرایەک بکا.»

«جا بۆ شووی پێ‌ناکا؟»

«ئاخر ئەو پیاوە نیازی وایە کچێکی‌تر بخوازێ.»

«ئۆە..! تێ‌گەیشتم. گەر ئەو کچە نەمێنێ: ئەوسا کابرا کچەکەی تۆ دەخوازێ.»

«بەڵێ.»

«باشە.. من دەتوانم ئەو کچە لەسەر ڕێگەتانا هەڵگرم بەمەرجێ هەرچی‌یەکم خواست بمدەنێ.»

«چی دەخوازی‌و چ نرخێکت گەرەکە؟»

«بە بەهاترین سامانت بە من ببەخشی.»

«ئاڵنا» تۆزێ ڕاماو بیری‌کردەوە. پاشان وتی:

«بەبەهاترین سامانی من ئاوێنەیەکە کە لە چوارچێوەیەکی زێڕیندایە. زۆریش دڵگران دەبم گەر لام نەمێنێ.»

«چاکە.. کەواتە ئەو ئاوێنەیە دەبێ بە پاداشتی ئەو خزمەتەی من.. بێ ئەوە یارمەتیتان نادەم.»

«کلیۆنا» ڕووی لە دایکی کردو پاڕایەوە:

«ئۆە.. دایکە.. تکات لێ‌دەکەم ئاوێنەکەی بەرێ.»

«وابزانم هەر دەبێ وای لێبێ – کلیۆنا –»

جادووگەرەکەش پێی‌وت:

«بەڵێ. هەر دەبێ وا بکەیت گەر حەز بە یارمەتی من بکەیت.»

«کەواتە دەبێ ئەو گەنجینەیەم لە کیس بچێ.»

«بەڵێ .» جادووگەرەکە وتی : باشە کەی زەماوەندەکە ساز دەکرێ ؟»

«کلیۆنا» وەڵامی دایەوەو وتی :—

«دوای چەند ڕۆژێکی تر .»

«کەواتە لەگەڵما وەرە . . دەبێ بەدەستوبرد بین .» جادووگەرەکە هەردووکیانی بەرەو لای پارچە زەوی‌یەك برد کە هەمووی دڕكو داڵ بوو . جادووگەرەکە نوشتایەوەو دڕکێکی لێ کردەوەو دایە دەست «کیلۆنا»و پاشان وتی :—

«گوێبگرە . . ئەم دڕکە دەچەقێنیتە قوڵی کچەکەو ئەوسا دەبینی دەستبەجێ ڕەق بۆتەوەو وەك مردووی لێ دێ .»

پاشان «ئالنا» لێی‌پرسی :—

«باشە . . تاکەی هەروەك لاشەیەکی مردوو دەمێنێتەوە ؟»

«هەتا من بمێنم .» جادووگەرەکە ئەمەی وتو بەسووکە پێکەنینێکی پڕ شەڕەوە تریقایەوە . «ئەوەشیان زۆر دەخایەنێ . . ماوەیەکی دوورودرێژ . لە کاتی مردنما ئەو دڕکە نامێنێو چاوی هیچ ئادەمی‌یەکیش نایبینێ . ئێستاش بڕۆن . . دوو سبەی دێمە ماڵەکەتانو ئەو ئاوێنەیە دەبەم .»

ئالنا»ش پێی‌وت :—

«بەڵام ئەم ئاوێنەیە زۆر قورسە !»

«چاکە . . ئێوە هەردووکتان لەگەڵما دێنو بە نۆرە هەڵیدەگرین . ئێستاش ئێوە خواحافیزتان .»

هەردوو ئافرەتە شەڕانیو نەگریسەکەیان بەجێ‌هێشت ، بەو دیدەنی‌یە گەلێ شاد بوون . بۆ سبەی بەیانی – کلیۆنا – بەرەو ماڵی – ئێسلنگ – ملی‌نا . پاشان – کلیۆنا – ڕووی تی‌کرد :—

«ئێسلنگ . . با بەیەکەوە بەنێو ئەو باخو شیناوەردەدا پیاسەیەك بکەین . ڕۆژێکی خۆشو دڵگیرە . خۆت دەزانی تا زەمانێکی‌تر ناتوانین بەیەکەوە پیاسەیەکی وا بکەین .»

لەو بەیانی‌یە پاكو بێ‌گەردەدا هەموو شتێ جوانو نەخشین خۆی دەنواند . لە هەموو لایەکەوە هەلاڵەو وەنەوشە دەشنانەوە . درەختەکانیش بە گەڵاو گوڵی تازەوە چرۆیان دەکرد . مەلیش گۆرانی خۆشیان دەچڕیو یەك بۆ ئەوی تری دەساندەوە .

«ئۆە . . چ جیهانێکی جوانو دڵگیرە !»

ئێسلنگ ئەمەی وتو چەمایەوە تا هەندێ گوڵە وەنەوشە کۆ بکاتەوە . لەمیانەی چاوتروکانێکا – کلیۆنا – دڕکەکەی چەقاندە قوڵی – ئێسلنگ – . «ئێسلنگ»ی بەستەزمان کەوتە سەر زەوی . کلیۆناش تەواوێك بەو کارەساتە هەڵچوو بوو . . هەر بە ڕاکردن گەڕایەوە ماڵێ :—

«ئۆە . . وەرە . . وەرە . . پەلەکە .» کلیۆنا وتی . «ئێسلنگ مرد !»

ئای ! ئای لەو هەموو نەگبەتیو کارەساتو خەمو حەسرەتە ! حەکیمو لوقمان بانگ کران . دەرمان نەما بۆ دەردی «ئێسلنگ» وەسف نەکرێ . بێ هوودە بوو . . چاری نەکرا .

ئەو ماڵەی بەزمو خۆشی لێ‌نەدەبڕا . . ئەمێستا ببووە هێلانەی خەمو پەژارەو نائومێدی .

کەسیش بەقەد – ئالنا –و – کلیۆنا . ئەو جووتە ئافرەتە نەگریسە ، خەمو پەژارەو بەزەیی دەرنەدەبڕی . لە هەموو خەڵکی پتر کەوتبوونە ناڵینو هاوار هاوار . بۆ ماوەی چەند سەعاتێك بەیەکەوە لە ماڵێکی چۆڵو . . بە تەنیا مابوونەوە . پاشان بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم دیسانەوە هاتنەوەو بەڵام ئەمجارەیان تا درەنگی شەو خۆیان ڕانەگرت . . چونکە بەڵێنیان بە جادووگەرەکە دابوو تا یەکدی ببینن .

جادووگەرەکە لەنیوەشەودا گەیشتەجێ . گەلێ بەو ئاوێنە پوختو دەگمەنە دڵی خۆش بوو . . لە دڵی خۆیدا وتی :—

«بەخوا مامەڵەیەکی چاکم کرد !»

پاشان پیرەژنە جادووگەرەکە وتی :—

«هاوڕێکانم . . ئێستاش زوو کەن . . چاکتر وایە بەپەلە بگەڕێنەوە . . چونکە لەوە دەچێ تەمو مژێك ئەم ناوە داگرێ .»

بەرێ‌کەوتن‌و هەر یەکەی بە نۆرە ئاوێنەکەی هەڵدەگرت . بەسەر چیا سەختەکەدا هەڵدەگەڕان تا گەیشتنە لووتکەی شاخەکە . ئەمێستا تەم‌و مژەکە تا دەهات خەستتر دەبۆوە . یەك لە دوای یەك ڕێگەیان دەبڕی ، «ئالنا» لەپێشەوەو پاشان جادووگەرەکەو لەدوای هەمووشیانەوە «کلیۆنا» . لەوکاتەی کەوتنە سەر ڕێ‌یەکی پان‌و بەرینتر پیرەژنە جادووگەرەکە پێ‌ی لە بەردێکی گەورە هەڵنوت‌و هەڵزەنی . . ئاوێنەکەی لە دەست بەر بۆوەو بەسەر بەردەکەدا وردوخاش بوو . جادووگەرەکە لەنێو تورەیی‌و بێ‌ئومێدی خۆیەوە توند بە هەردوو دەست پەلاماری هەردوو ئافرەتەکەی دا . . بوو بە شەڕو ئاژاوەیان . . یەکدیان دەهێناو دەبردو تا هەر سێکیان وەك ئاوێنەکە بەربوونەوەو کەوتنە نێو گێژەنەو لاشەیان کەوتە سەر شەپۆلەکان‌و بەرەو قولایی دەریا نغرۆ بوون . کەس ناوی ئەو سێ ئافرەتەی نەبیستەوە .

هەر لەوکاتەدا «سایل» کە پیرەدایەنێکی «ئێسلنگ» بوو بەدیار یەکێ لە کوڕە خۆشەویستەکانی خۆیەوە ئێشکی دەگرت . ماوەیەکی زۆر ئاوا بێ‌خەو دانیشتبوو . بۆ ساتەوەختێ چاوی چووە خەو . زۆر کت‌وپڕ بەترس‌و سەرسامی‌یەوە ڕاپەڕی کاتێ ناوی خۆی هاتە بەر گوێ‌و مناڵە خۆشەویستەکەی بانگی دەکرد «سایل !» . «ئێسلنگ» بوو لەنێو جێگا هەستابۆوە . «سایل» بەهەڵەداوان ڕایکردو گەیشتە ئەو ژوورەی تەنیشتەوە .

«وەرە . . زووکەو وەرە لام !» ئەبەم شێوەیە «ئێسلنگ» ڕووی‌کردە پیرەدایەنەکەو هاواری کرد . . هەندێ لە خزم‌و برادەرانیش لەوێ بوون ، «کۆنلا»ش لەنێو ئەو حەشاماتەدا وەستابوو .

ئای ! ئای لە سەرسامی‌و خۆشی !

«ئێسلنگ» نەیتوانی هیچ بگێڕێتەوەو هۆی ئەم ڕووداوانە سەیرانەی نەزانی . هەر ئەوەندەی بیرهاتەوە کە بۆ قرتاندنی چەند گوڵێك نووشتابۆوە . دوای ئەوە . . هەر ئەوەندەی ئاگا لە خۆبوو کە هیچ شتێك لە مێشك‌و یادیدا نەما . خەڵکانی دوورو نزیکی ئەو دەورو بەرە کە گوێ‌یان لەم ڕووداوە بوو تەواو سەرسام‌و سڕ بوون‌و وای بۆ چوون کە ئەمەیان کارێکی شەفسووناوی‌یەو دەبێ موعجیزە بێ . . وای لێ‌هات گەورەو بچووك . . مەزن‌و منالێ «ئێسلنگ»یان خۆش‌بوێ . بەقەد ئەوەی بەو مردنە ساتەوەختی‌یەی دڵگیر بوون . . گەلێ پتر بەوە شاد بوون کە ڕۆحی هاتەوە بەرو ژیایەوە .

بەچەند مانگێ دوای ئەو هەموو کارەساتە سەیرانە زەماوەندێکی پڕ بەزم‌و بێ‌وێنە سازکرا . کۆنلاو ئێسلنگ چەندەها منالیان لێ وەپاش کەوت . لەنێو ئەو منالانەدا دوو کوڕیان جمك (دووانە) بوون : ناویان لێ‌نان «کیان»و «ئیۆن» .

ونبوونی «ئالنا» و «کلیۆنا»ش بوو بە یەکێ لەو نۆ کارەساتە سەیرانەی کە لە ڕۆژێکدا ڕوویان‌دا لەبەرئەوەی کەس خۆشیانی نەدەویست‌و ڕێزیان نەبوو . . هیچ یادگارێکی خۆش‌و شیرینیان لەدوای خۆیان بەجێ‌نەهێشت !

## کورتەی ژیانی :-

سنیاد دی ڤالیرا :

سنیاد ژنی یەکەم سەرۆك کۆماری وڵاتی -ئیرلەندا- بوو . لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٥)داو لە تەمەنی (٩٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد . ئەم ئافرەتە چەندەها کتێبی بۆ منالان دەرکرد کە هەر یەکەی دەیەها چیرۆکی ئەفسانەیی گرتبووە خۆی . لەم چیرۆکەدا - ڤالیرا - دەمانباتە نێو جیهانی پڕ سیحرو جادووگەرو جنۆکەو دێوو درنج .

هەموو چیرۆکەکانیش پڕن لە خەیاڵ‌و فانتازیاو تابلۆی ڕەسەنیش . هەڵگری بیرو باوەڕی باوی میللەتی ئیرلەندا -ن کە لەسەردەمێکی کۆندا زۆربەی میللەتانی تریش هەر لە هەمان سەرچاوەوە «ئەفسانە» بیرو بۆچوون‌و لێکدانەوەی خۆیان بەیەکدی گەیاندووە . . با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەفسانە یەکەم کەلتووری مرۆڤایەتی بووە .

● لەم کتێبە وەرگیراوە :

**More Irish Fairy Tales**
**Sinead de Valera**
**Piccolo — Pan Books**
(ل ٧ - تا - ل ١٩)
لە بریتانیا چاپکراوە / ساڵی (١٩٧٩)